هەواڵ
Hawal

ژمارە (105) ساڵی چوارەم 30 ی تشرینی یەکەمی 2004 - نرخ (400) دینار www.hewal org Year 30 th 4 (105) No

سەروتار

کەرکوك لەهەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا

لەکاتێکدا یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەگوایە بە(توافق)دانراوە وە بەگوێرەی بڕگەی "58"ی ئەو یاسایە بڕیار وابوو پێش هەڵبژاردن دۆخی کەرکوك بگەڕێنرێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی ..وە بەو نیازەی کە حکومەتەکەی "عەلاوی"حکومەتێکی تەوافقیە وبڕیارەکان بەئیجماع دەدرێن،کورد بەو پشکە کەمەی دەسەڵات لەبەغدا قایل بوو .. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر کەم بۆ وادەی دیاریکراوی هەڵبژاردن لەپێشماندا ماوە،کەچی تائێستا نەبڕگەی "58"ی ئەو یاسایە کەس بەلایدا چووە نە حکومەتەکەی "عەلاوی"بڕیاری ئیجماعی بۆ کورد هەیە،بڕیاری تەرخانکردنی لە10٪ی بودجەی عێراق بۆ کوردستان و گوێنەدان بەنارەزایی نوێنەرانی کورد لەو حکومەتە باشترین بەڵگەیە.

تائێستا شەقامی کوردی بەرچاوی روون نییە بۆ ئەو پرۆسەیە.بەتایبەت کە کوردی کەرکوك دورخراوەتەوە لەبەشداریکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا کەرکوك کرۆکی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردە لەباشوری کوردستان،بۆیە کورد مافی خۆیەتی بەدوودڵییەوە بڕوانێتە ئەو هەڵبژاردنە و هەڵوەستەی لەسەر بکا، ئەگەر بڕگەی "58"ی یاسا کاتییەکە جێبەجێ نەکرێ و حکومەتەکەی "عەلاوی"گوێ بۆ بەرزکردنەوەی بودجەی کوردستان بۆ 25٪ی بودجەی عێراق نەدا و مافی کورد بەمافی دیاریکردنی چارەنوسیشەوە لەدەستوری ئایندەی عێراق زامن و مسۆگەر نەکرێ،چونە ئەو پرۆسەیە بەقوماڕێکی دۆڕاو بزانێ .

ئەگەر پێش هەڵبژاردن بڕگەی "58"جێبەجێکراو بودجەی کوردستان کرا بە25٪ی بودجەی عێراق و زامنی مافە دەستوریەکان لەدەستوری ئایندە بە(توافق)کرا، ئەوکات دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڕۆینە ئەو پرۆسەیەوە.

ئەگەر ئەمانە نەکرا نەك چوونە هەڵبژاردنەوە بەڵکو دەبێت کورد هەڵوێستی بێپێچ و پەنای خۆی دەربڕێ و لە حکومەتەکەی "عەلاوی" بکشێتەوە،وە ئەگەر جێبەجێکراو بڕیاری بەشداریکردن درا،ئەوا ساغکردنەوەی کرۆکی کێشە رەواکەمان کە کەرکوکە دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەبەشداریکردنی کەرکوك لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان ،وە کاندیدکردنی زۆرترین کوردی کەرکوك لەسەر لیستی حزبەکانیان بۆ نوێنەرایەتیکردنی کورد لەپەرلەمانی ئایندەی عێراقدا.

سەرنوسەر

سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان

داوای بەشداری نەکردن لەهەڵبژاردنی عیراق دەکا

لەئۆکتۆبەری ئەم ساڵدا سەکۆی سەربەخۆی گەلی کوردستان بەیاننامەیەکیان ئاراستەی گەلی کوردستان کرد داوا لە گەلی کورد دەکەن بەهیچ شێوەیەك بەشداری سەرژمێری وهەڵبژاردن نەکەن تاکو چارەنووسی ناوچە رزگارکراوەکان یەکلایی نەکرێنەوە، کاری هەڵبژاردن و بەشداری نەکردنی ناوچە تازە رزگار کراوەکان بە دانپێدانانی فەرمی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەزانێ بە دابچراندنیان لە کوردستان ولکاندنی هەمیشەیان بەعێراقی داگیرکەرەوە .

هەروەها لە بەیاننامەکدا هاتووە کەئێستا کاروباری عێراق کە سانێك بەڕێوەی دەبات تا تەوقی سەریان نەغرۆن لە خوێنی کورد، داوای ئەوەش دەکات چی دی گەلی کورد نابێت جڵەوی چارەنووسی خۆی بداتە دەس عێراقچییەکان کە بەناوی کوردەوە کورد فریودەدەن،وەك سەکۆی سەربەخۆیش دووباتی ئەوە دەکەنەوە کەسەر بەخۆیی و دامەزراندنی

نەوشیروان مستەفا پڕۆژەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەخاتە بەردەست مام جەلال

داوای گۆڕانکاری لە مەکتەبەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و مەڵبەندی دووی کەرکوك کراوە

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر ئەو یاداشتەی کە بۆ بەخۆداچوونەوە خرابووە بەردەستی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)ولەزنجیرە کۆبونەوەکانی دواتری مەکتەبی سیاسیدا لەسەری ڕێکەوتون کەکۆمەڵێ گۆڕنکاری بکرێت .

بەپێی ئیتیفاقێك لەنێوان هەردوولادا دەبوو مەکتەبی سیاسی پڕۆژەی خۆیان بۆ ئەو گۆڕانە پێشکەش بکەن.

ڕۆژی 2004/10/28 لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە پڕۆژەکە خراوەتە بەردەستی سکرتێری گشتی،ئەوەی بەردەستی "هەواڵ"کەوتووە لەو پڕۆژەیەدا کۆمەڵێ ناو خراونەتە روو بۆ لابردنیان،ناوی‌تریش بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکانیان پێشنیاز کراوە،کەبەشێك لەمەکتەبەکانی یەکێتی‌و مەڵبەندەکانی ڕێکخستن و وەزارەتەکان دەگرێتەوە لەوانە مەکتەبی ڕێکخستن و مەکتەبی ڕاگەیاندن و مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوك.

جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق:

با فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە بخرێتە سەر حکومەت

تایبەت بەهەواڵ:

د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم و جێگری ئێستای سەرۆك وەزیرانی عێراق لەنامەیەکیدا کەڕۆژی 2004/10/24 لەبەغداوە ئاراستەی سکرتێری گشتی یەکێتی کردوە،پشتگیری خۆی بۆ یاداشتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ بەخۆداچوونەوە خستۆتە روو،ئەوەشی لەناوەڕۆکی نامەکەدا هاتووە سەربارە ئەوەی لەپێشەکی نامەکەدا باسی پێکهاتەی (ی.ن.ك)دەکات کەلەدروستبوونیەوە ڕێگای بەمینبەری جیاجیا داوەو شەرعیەت دەدات بەهەر مینبەرێکی جیاواز داوای چاکسازی سیاسی و ڕێکخستنەوەو دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکات،وەرەخنەی لەنەبوونی شەفافیەت لەباری دارایی یەکێتی گرتووە،هەروەها داوای بەنیزامکردنی هێزی پێشمەرگە دەکات،نوسیویەتی،فەرماندەی گشتی بخرێتە سەر حکومەت،وەداوای کاراکردنی مەکتەبی سیاسی و ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی(ی.ن.ك)کردووەو بەستنی کۆنگرەی بەمیکانیزمی باش زانیوە بۆ ئەو ڕێکخستنەوەیە وەرەخنەی ئەوەی گرتووە کە(ی.ن.ك)نەیتوانیوە،ئیستیعابی ئەو هەموو گەنجە بکات کەلەدەروی کۆبونەتەوە و دەرفەتی تێکۆشانی بۆ نەرەخساندون وەباسی ئەوەدەکات کەناکرێ حکومەت تەنها لەلایەن حزبێکەوە قۆرخ بکرێت و داوای کردوە دەرفەت بەخەڵکانی پسپۆڕی بێ لایەن و ناو حزبەکانی‌تریش بدرێ لەهەموو ئاستەکان.

ئەمریکا لەڕێگەی تورکیا و ئازەربایجانەوە ئابڵوقەی ئێران دەدات

گۆڤاری "ئایندلك"ی تورکی لەژمارەی هەفتەی ڕابردوودا ئاشکرای کردووە کەئەمریکا توانیویەتی دوای گوشارێکی چەند مانگی ڕەزامەندی حکومەتی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان لەتورکیا بەدەست بهێنێ بەبەکارهێنانی بەندەرو بنکە ئاسمانییەکانی تورکیا دژی ئێران.

گۆڤارەکە ئەوەشی ووتوە ئەم بڕیارەی تورکیا بووە هۆی کتوپڕ هەڵوەشاندنەوەی سەردانەکەی "محەمەد خاتەمی"سەرۆکی ئێران بۆ تورکیا،گۆڤارەکە ڕوونیشی کردۆتەوە لەمانگی ئازاری ڕابردوەوە واشنتۆن گوشار دەخاتە سەر تورکیا لەپێناوی بەکارهێنانی بنکە ئاسمانییەکانی (ڤان و هوش و باتمان و مەلاتیا)دژی ئێران.جێی ئاماژەپێکردنە ئەم هەڵوێستەی تورکیا بووەتە مایەی نیگەرانی ئێرانییەکان و بەڕێگەیەکی ڕەسمی هەڵوێستی خۆیان بۆ بەڕێسانی تورك گواستۆتەوە لەکاتێکدا ئێران ئامادەیە لەڕۆژانی داهاتوودا بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ لایەنی تورکیدا تاوتوێ بکات.

لەلایەکی‌ترەوە سەرچاوە ڕووسییەکان وارادەگەیەنن کە ویلایەتەیەکگرتوەکان هەوڵدەدات بنکەیەکی دەریایی تورکیا لەدەریای ڕەش بەکاربهێنن بەئامانجی ئابلوقەدان و بەدواداچوونی دواپێشهاتەکانی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی.

جێی باسە دوابەدوای ڕووداوی مێژوویی 11ی‌سپێتەمبەر و ڕوخانی ڕژێمی تالیبان جۆرج بوش عێراق و ئێران و کۆریای باکووری بەتەوەرەکانی شەڕ ناوبردبوو.

کۆنگرەی گەل پارچە پارچە بوو

90کادری بەرجەستەی کۆنگرەی گەل لەp.k.k جیابونەتەوەو ئێستا بەناوی (وفاقی دیموکراتی کوردی سوریا)کاردەکەن،هەروەها 28کەس لەکادرەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان کەباڵی کوردستانی ئێرانی کۆنگرەی گەلە،لە کۆنگرە جیابونەتەوەو ئێستا بەناوی کۆمیتەی بنیاتنانەوەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان کار دەکەن .

ئەمانە لەدوای دابڕانی گروپی سەرکردایەتی لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان هاتونەتە هەرێمی کوردستان ــ ئیدارەی سلێمانی،ئێستا لەم ئیدارەیە کەمپێکیان داوە بە گروپەکەی سوریاو شوێنێکیشیان بۆ گروپەکەی ئێران (پ.ژ.ك)دیاریکردوە.

گروپەکەی عوسمان ئۆجەلانیش دوو کەمپییان هەیە ،یەکێ لەسەرای سوبحان ئاغاو یەکێك لەدوکان.

بەهۆی بێ ئیلتیزامی و کەمتەرخەمی لەکاری حزبی

مەکتەبی سیاسی پارتی چەند پارێزەرێك سزا دەدات

دوای دۆڕاندنی لیستی زەرد لەلقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لەتەموزی ڕابردودا مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری ژمارە"1356"لە2004/7/31 بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە دەرکردلەسەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕۆژی 2004/9/8بڕیاری ژمارە 1673ە خۆی دەرکرد بەسزادانی "12"پارێزەری سەربەلیستی زەرد دەرکرد سەبارەت بەبێ ئیالتیزامی و کەمتەرخەمیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

1.هەڤاڵ حاکم عوسمان/ ئەندامی کارگێڕی لقی11 / "6"مانگ هەڵپەساردن لەگەڵ بڕینی "فەرقی مخصصات".

2.سەردار ڕەقیب نەجم/سەربە (ف.ل.ك)ڕێکخستنی پ.م/"6"مانگ هەڵپەساردن لەگەڵ بڕینی 25٪لە مخصصات مانگانەی.

3.کارزان تەها حەمەد/لقی11ل.ن سەنگەسەر/"6"مانگ هەڵپەساردن لەگەڵ بڕینی 25٪لە مخصصات مانگانەی.

4.سەیدا شێخ زرار /کادر/"6"مانگ هەڵپەساردن.

5.مەریوان خدر حەمەد/کارگێڕ لقی 11 ،ل.ن سەنگەسەر //"6"مانگ هەڵپەساردن لەگەڵ بڕینی 25٪لە مخصصات مانگانەی.

6.ئەحمەد یوسف جەمیل میران//"6"مانگ هەڵپەساردن.

7.جەمیلە عەلی مەولود/ئەندامی پارتی/سەرنج ڕاکێشان.

8.شێروان عەلی صالح/ئەندامی پارتی//سەرنج ڕاکێشان.

9.بڵند مەئمون بریفکانی /ئەندامی پارتی/"6"مانگ هەڵپەساردن.

10.بڵند مەئمون بریفکانی /ئەندامی پارتی///"6"مانگ هەڵپەساردن.

11.حاکم ئەسعەد سڵمان / ئەندامی‌م.ن.ب و دارایی ///"6"مانگ هەڵپەساردن لەگەڵ بڕینی "400"دۆلار لە مخصصاتی مانگانەی.

موجاهیدینی خەلق واز لە کاری چەکداری دێنن

سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی دەستی بەسەر چەك وجبە خانەکانی گروپی (مجاهدی خلق) ی ئێرانی گرتووە کەبریتین لە تانك وزرێپۆش وئۆتۆمبیلی سەربازی،کەئەمەش بووە هۆی قایل بوونی ئیدارەی ئەمەریکا لەسەر مانەوەیان لەسەر بازگەی (الاشرفیە) لە 70 کیلۆ مەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغدا کە لەسەر دەمی ڕژێمی بەعسدا بە بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دەژمێردرا وێرای بوونی چەند بارەگایەکیتر لە ناو بەغدای پایتەخت دا بەڵام لەگەڵ پڕۆسەی ئازادی وبەگیشتنی هێزەکانی ئەمەریکا دەست بەرداری گشت بنکەکانیان بوون جگە لە بنکەی سەرەکییان لەسەر بازگەی (الاشرفیە) کە حاڵی حازر لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە پارێزگاریان لێدەکرێت .

جێ ی باسە ویلایەتەیەگکرتووەکان گروپی (مجاهدی خلق) یان لە لیستی ڕێکخراوە تێڕۆریستییەکان تۆمارکردووە .

بەعسییەکان بەتەمای کۆنترۆڵی دام و دەزگاکانن.

سەرچاوەیەکی تایبەت بە"هەواڵ"ی ڕاگەیاند پێنج کۆنە بەعسی لەسلکی پۆلیس گەڕاونەتەوە و ئێستا والە بنکەی پۆلیسی عەرەفە دەوام دەکەن،هەرچەندە پێش چەند ڕۆژێك لیوا شێرکۆ شاکر فەرماندەی پۆلیسی کەرکوك لەلێدوانێکیدا قبوڵی نەکردبوو پاشماوەکانی بەعس بگەڕێنەوە ناو دەزگای پۆلیس.

هەرلەم ڕووەوە"یەحیا عاسی ئەلحەدیدی)بەپشتیوانی هەندێ شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی ناو شاری کەرکوك بەبێ‌ئاگاداری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك تیمێکیان ڕەوانەی شاری بەغدا کردوە بۆهەماهەنگی‌کردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا تا بەڕەسمی بکرێن بەسەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە شاری کەرکوك.هەرلەبەر ئەم هۆیە قسەبێژێك بەناوی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە ئەمانەی بەکۆمەڵێك پاشماوەی بەعس وەسف کرد کەدەیانەویت بارودۆخی شاری کەرکوك تێك بدەن بەمەبەستی شێواندنی هەڵبژاردنەکان.

بەرپرسێکی گەورەی عێراق هاوکاری تیرۆریستانی دەکرد

سەرچاوەکانی هەواڵ لەنوسینگەی سەرەك وەزیرانی بەغداوە ڕایگەیاند "ئەیاد عەلاوی"سەرەك فەرمانی دەستگیرکردنی(مقدم یوسف)بەرپرسی کاروباری ئاسایش لەئەنجومەنی وەزیرانی دەرکردووە،سەرچاوەکان وتوشیانە "مقدم یوسف"لەلایەن عەلاوی‌یەوە دیاری کراوەو کاروباری ئاسایشی لەئەنجومەنی وەزیران پێ‌سپێردراوە.

جێی ئاماژەپێکردنە ئەم بەپرسە بەمەبەستی بەخشینی "باج"ی چوونە ژوورەوە فۆرمێکی تایبەتی بەسەرکارمەندانا دابەش کردووە و زانیاری زۆر وورد لەخۆدەگرێت وەك(ژمارەی تەلەفۆن،ناونیشانی ماڵەوە،ژمارەی ڕەگەزنامە،عەشیرەت،ناونیشانی کەس و کاری فەرمانبەر)پاشان ناوبراو ئەم زانیارییانەی لەبارەی ئەو کارمەندانەوە ڕەوانەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەکردو ئەوانیش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان سوودیان لێدەبینی.

جێی باسە حکومەتی عێراقی دوای ئاشکرابوونی ئەم تاوانە ناوبراوی ڕەوانەی زیندان کردووە تۆمەتی (خیانەتی گەورە)ی خستووەتە پاڵ.